# هەردوو کونسوڵخانەی بەریتانیا و ئەڵمانیا نیگەرانیان لەبارەی ڕەوشی گوهدار زەباری دەربڕی

کونسوڵخانەی گشتی شانشینی بەریتانیا لە هەولێر، لەبارەی مانگرتنی ڕۆژنامەنووس گوهدار زەباری لە زیندانەکەیەوە ڕایگەیاند، "بەریتانیا زۆر نیگەرانە لە مانگرتنی ڕۆژنامەنووس گوهدار زەباری لە خواردن لەناو زینداندا، ئێمە لە نزیکەوە چاودێری ئەم بابەتە دەکەین لەگەڵ ئەو ڕۆژەی کە دیاریکراوە بە دادگاییکردنی لە یەکی تشرینی یەکەمی ئەم ساڵ"، لە هەمان کاتدا کونسوڵخانەی گشتیی وڵاتی ئەڵمانیا لە هەولێر هاوخەمی خۆی لەگەڵ بەریتانیا دەربڕی بە دەخی ڕۆژنامەنووس گوهدار زەباری و ڕایگەیاند، "ئەڵمانیا نیگەرانییەکی قووڵی هەیە سەبارەت بە بارودۆخی ڕۆژنامەنووسی دەستگیرکراو گوهدار زەباری، هەروەها ئێمە لە نزیکەوە چاودێری کەیسەکەی و ڕەکارە دادوەرییەکانی دەکەین".